# سیاسەتی دەرەوەی ئێران و تورکیا بەرامبەر ئەرمەنستان و ئازەربایجان

## گفتوگۆ لەگەڵ (دکتۆر ئەفشار سلێمانی) شارەزا لەم بوارەدا و باڵیۆزی پێشوی ئێران لە کۆماری ئازەربایجان

چاوپێکەوتنی: فەرزاد رەمەزانی بونش

FOCUS

زیاتر لە دوو دەیە بەسەر سەربەخۆیی وڵاتانی باشوری قەفقاز تێدەپەڕێت و ئەم وڵاتانە هەوڵیانداوە بە بەهێزکردنی سیاسەتی دەرەوەیان، سەربەخۆ لە جیهاندا دەرکەون. لەم نێوانەدا هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا هەوڵیانداوە بە هۆی پەیوەندییە جۆراوجۆرە (مێژوویی، نەژادی، مەزهەبی، زمان و ناسنامەوە) پەیوەندی جێگیریان لەگەڵ ئەو سێ وڵاتەی قەفقازدا هەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە رێژەی کاریگەری ئێران و تورکیا و توانای دروستکردنی کاریگەری لەسەر بـوارە جیاجیاکانی سێ وڵاتی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و جۆرجیا، گفتوگۆیەک لەگەڵ (دکتۆر ئەفشار سلێمانی) شارەزا لەم بوارەدا و باڵیۆزی پێشوی ئێران لە کۆماری ئازەربایجان، لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی ئاشتی ئەنجامدراوە.

**• ئەگەر لە پێگەی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی قەفقاز لە سیاسەتی دەرەوەی دوو وڵاتی ئێران**

**و تورکیا بڕوانین، ئەم ناوچەیە، چ پێگەیەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتەدا هەیە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا پێویستە ئاماژە بە لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکەم. هەر یەکێک لەو سێ وڵاتەی باشوری قەفقاز لە رووی جیۆئێکۆنۆمیک و جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیژییەوە خاوەنی پێگەی جیاوازن. بە واتایەکیتر پێگەی جوگرافی، سنور، ئابوری، کەلتوری- ئایینی، سیاسی و ئاسایشی ئەم وڵاتانە، لەلایەکەوە لە رووی هێز و لەلایەکیتریشەوە لە رووی گرنگیانەوە بۆ ئێران و تورکیا و بۆ سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە و جیهان جیاوازن و بە یەک رێژە گرنگیان نییە. هەروەها خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان ئەم وڵاتانە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ تورکیا و ئێران هەیە.

به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باسکرا دەتوانرێت بوترێت، لە ناو وڵاتانی باشوری قەفقاز، کۆماری ئازەربایجان زۆرترین گرنگی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەیە. ئەم وڵاتە نزیکەی 700 کیلۆمەتر سنوری وشکانی لەگەڵ ئێران هەیە و زۆربەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە موسوڵمانی شیعە مەزهەبن. هەروەها ئازەربایجان یەکێک لە وڵاتانی (خـەزەر)ە. واتا یەکێک لە وڵاتانی کەناری دەریای خەزەرە و خاڵی هاوبەشی مێژوویی لەنێوان هاوڵاتیانی هـەردوو وڵاتـدا هەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی لە قۆناغێکی مێژوویيدا بەیەکەوە لەسەر یەک زەوی ژیاون و خزمایەتی لە نێوان هاوڵاتیانیاندا هەیە. سەرجەم ئەو بابەتانەی باسکران ئەوە دەردەخەن، کە ئازەربایجان لە رووی ئابوری، ئاسایشی، سیاسی و کەلتورییەوە بۆ ئێران جێگەی گرنگی ستراتیژییە، بەتایبەتی لە رووی هاتوچۆ و ترانزێتەوە ئەم دوو وڵاتە پێویستی زۆریان بە یەکتری هەیە.

لەگەڵ بوونی ئەم خاڵە هاوبەشانەی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، پێویستە بوترێت، لە ئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی هەردوو وڵاتەوە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان و زیاتر لەوەش بۆتە ئامڕازێک بەدەست سەرجەم کاراکتەرەکانیترەوە بۆ بەدەستهێنانی بـەرژەوەنـدیـیـەکـانـی خـۆیـان. لـەم نـێـوانـەدا دابەشکردنی سەرچاوەکانی دەریای خەزەر تا ئێستا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە و ناکۆکی لەوبارەیەوە یەکێك لەو بابەتانەیە زیانی بە متمانەی نێوان هەردوولا گەیاندووە. هۆکاری ئایینی و مەزهەبی شیعەش لە ئێستادا بۆتە هۆکاری بێمتمانەیی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

**تورکیا لەگەڵ ئەرمەنستان بە هۆی بانگەشەی ئەوەی کە (ئاگری داغ) خاکی ئەرمەنییەکانە، هەروەها کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە ساڵی 2015 کێشەی زۆریان هەیە و سنوریان بە رووی یەکتردا داخستووە و پەیوەندییان نییە**

ئێرانییە ئازەرییەکان هۆکارێکیتری ناکۆکیین، مەبەستم ئـەوەیـە، باکۆ، تـاران بە دەسـتـوەردانـە کـاروبـاری ناوخۆی وڵاتەکەی تۆمەتبار دەکـات و رایدەگەیەنێت، کە دەوڵەتی ئێران لە رێگەی پەیوەندیکردن بە شیعەکان و پشتیوانی مادیی و مەشقپێکردنیانەوە هەوڵی بە سیاسیکردنی ئایینی ئیسلام، مەزهەب، شیعە و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئازەربایجانەدایە. تارانیش، باکۆ تۆمەتبار دەکات بەوەی، بە باسکردنی بابەتی ئازەربایجانی باشور و یەک ئازەربایجان کە نیشتیمانی 50 ملیۆن ئازەربایجانییە، دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدات. ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە زیاتر لایەنی ئاسایش لەخۆ بگرن و زەمینەی بێمتمانەیی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا رەخساندووە.

چارەسەر نەکردنی گرفتەکانی دەریای خەزەر بۆتە هۆی زیاتر بێمتمانەیی و رەخسانی زەمینەی هاوکاری ئەمەریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان.

لەبارەی رۆڵی تورکیاوە لە ئازەربایجان، دەبێت بوترێت بە بەراورد لەگەڵ ئێران، تورکیا خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ ئازەربایجاندا نییە و تەنیا 11 کیلۆمەتر سنوری هاوبەشیان هەیە.

واتا تورکیا تەنیا لە ناوچەی (نەخچەوان) 11 کیلۆمەتر سنوری هاوبەشی لەگەڵ ئازەربایجان هەیە و زۆرینەی هاوڵاتیانی تورکیا موسوڵمانی سوننەن، لەلایەکیترەوە تورکیا وڵاتێکی سەر دەریای خەزەر نییە.

تەنیا خاڵی هاوبەشی نێوان تورکیا و ئازەربایجان زمانی تورکییە، کە ئەویش لەگەڵ زمانی ئازەری پەنجا بە پەنجایە. لەگەڵ کەمی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان، ئەنقەرە کاراکتەرێکی گرنگە لە ئازەربایجان و ئەگەر نەڵێین هاوپەیمانی ستراتیژین، دەتوانین بڵێین ئەنقەرە هاوبەشی ستراتیژی باکۆیە.

بوونی دوو ناوەندی گواستنەوەی وزە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بە گرنگترین پرۆژەی ستراتیژی دادەنرێن. بۆری نەوتی (باکۆ – تەفلیس – جەیهان) و بۆری غازی (باکۆ – تەفلیس – ئـەرزرۆم)، کە بە سوڕانەوە بە دەوری ئێران و روسیادا بە پشتیوانی ئەمەریکا و رۆژئـاوا راکێشراون، بێجگە لە زیانی ئابوری لە ئێران، لە رووی ئاسایشیشەوە بە کەمکردنەوەی گرنگی ستراتیژی ئێران، بۆتە هۆی لەدەستدانی بەرژەوەندی نیشتیمانی ئێران. لە ئێستادا بە تەواوبوونی هێڵی ئاسنی (قارس – ئاخالخالاکی جۆرجیا) – باکۆ و پشتیوانی رۆژئاواییەکان لەم پرۆژەیە، هەروەها تەواوکردن و دروستکردنی شارێی ستراتیژی بەستنەوەی تورکیا – جۆرجیا – ئازەربایجان خەریکە بەهێزتر دەبێت. بە خستنەکاری ئەم پرۆژەیە، گرنگی ترانزێتی و هاتوچۆ لە رێگەی ئێرانەوە کەم دەبێتەوە. ئەمەش لە هەلومەرجێکدایە، لە ئەگەری چارەسەری کێشەی قەرەباخ و رزگار بوونی 20% زەوییە داگیرکراوەکانی ئازەربایجان لە دەستی ئەرمەنستان و دروستکردنی رێڕەوی گواستنەوەی وزە و هاتوچۆ لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، هەروەها کرانەوەی سنورەکانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان، وڵاتانی تورکیا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان بە رێژەیەکی زۆر پێویستیان بە رێڕەوەکانی هاتوچۆ و گواستنەوەی وزە نامێنێت. ئەمە لە کاتێکدا دەبێت، کە ئێران پێویستی بە رێڕەوەکانی هاتوچۆی تورکیا و ئازەربایجان دەبێت. گرنگتر لەوە، لەم بارەدا تورکیا بۆ گەیشتن بە ئاسیای ناوەند پێویستی بە رێگەکانی ترانزێتی ئێران نامێنێت.

لـە ئێستادا تورکیا پشتیوانی تـەواو لـە ئازەربایجان دەکات و سنورەکانی خۆی لەگەڵ ئەرمەنستان داخستووە و پەیوەندییەکانی لەگەڵدا پچڕاندووە. هەرچەندە تورکیا لەگەڵ ئەرمەنستان بە هۆی بانگەشەی ئەوەی کە (ئاگری داغ) خاکی ئەرمەنییەکانە، هەروەها کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە ساڵی 2015 کێشەی زۆریان هەیە و سنوریان بە رووی یەکتردا داخستووە و پەیوەندییان نییە، بەڵام ئەنقەرە توانیویەتی ئەو بۆشاییە بە ئازەربایجان پڕ بکاتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە لەم هەلومەرجەدا رێژەی ئاڵوگۆڕی بازگانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان بە 250 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێت. ئەم ژمارەیەش کەمێک کەمترە لە رێـژەی ئاڵوگۆڕی ئێران و ئەرمەنستان، کە بە هۆیەوە لەلایەن رایگشتی ئازەربایجانەوە رەخنە لە ئێران دەگیرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە رایگشتی ئازەربایجان هیچ نارەزاییەک بەرامبەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی تورکیا – ئەرمەنستان لە رێگەی تورکیا – جۆرجیا – ئەرمەنستان، دەرنابڕن.

پەیوەندییەکانی ئێران - ئەرمەنستان لە بوارە جیاجیاکاندا ئەنجام دەدرێت. ئەم پەیوەندییانە زیاتر لە بەرژەوەندی لایەنی ئەرمەنە و تاران ئیمتیازە پێویستەکان لە ئەرمەنستان وەرناگرێت. سود وەرگرتن لەم پەیوەندییانە لەلایەن ئێرانەوە وەک فشارێک بۆ سەر ئازەربایجان دەرەنجامی ئیجابیان بۆ تاران نەبووە، بەڵکو تەنیا رایگشتی ئازەربایجان بەرامبەر پەیوەندییەکانی تاران – ئیرەوان خراپتر بووە.

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ جۆرجیا بە هۆی دووری و جیاوازی ئایینی و دووری لە دەریای خەزەرەوە، هەروەها کەمی هەستیاری رۆژئاوا بەرامبەر ئەو پەیوەندییانە گەشەی کردووە، بەڵام هێشتا بە بەراورد لەگەڵ پەیوەندییەکانی تورکیا – جۆرجیا، لە ئاستێکی نزمدایە.

جۆرجیا بە هۆی هاوسێیەتی لەگەڵ تورکیا و بوونی لەسەر کەناری دەریای رەش و پەیوەندی گواستنەوە و هاتوچۆی تایبەت لە بواری وزەدا، پەیوەندییەکی پتەوتری لەگەڵ تورکیا هەیە. پشتیوانی ئەمەریکا و رۆژئاوا لەم پەیوەندییانە و سود وەرگرتن لە زمینەی یەکگرتوویی زیاتر لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ، رۆڵیان لەم پەیوەندییانەدا هەیە. بۆ نمونە لە کاتێکدا، کە رێژەی هەناردەی تورکیا بۆ جۆرجیا دەگاتە یەک ملیار دۆلار، هەناردەی ئێران بۆ ئەو وڵاتە دەگاتە 50 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا. هەمان ئەم بابەتەش لەبارەی ئازەربایجانەوە جێی نائومێدییە. لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان زیاتر

لە دوو ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ئێران و ئازەربایجان نزیکەی 400 ملیۆن دۆلارە و لە چوار ساڵی رابورددووشدا رووی لە دابەزین کردووە.

**• بە سەرنجدان لە پەیوەندی ستراتیژی نێوان ئازەربایجان و تورکیا، ئێران تا چەندێک توانیویەتی لە کێبڕکێیدا لەگەڵ تورکیا کاریگەری خۆی لەم کۆمارەدا زیاتر بکات؟**

- بە سەرنجدان لە ئەو بابەتانەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسمکردن، دەتوانم بڵێم کاریگەری ئێران لەسەر ئازەربایجان لەگەڵ کاریگەرییەکانی تورکیا بەراورد ناکرێن. لەوانەیە ئێران لە ناو بەشە مەزهەبییەکەی ئازەربایجان (کە گرنگی زۆریان نییە) کاریگەری هەبێت، بەڵام تورکیا لە ناو دەوڵەت و نەتەوەی ئازەربایجاندا کاریگەری زۆری هەیە. تەنیا زانکۆی دەرەکی لە ئازەربایجان بە ناوی زانکۆی قەفقاز هی تورکەکانە، خوێندنگەی جیاجیا کە لەلایەن تورکەکانەوە بەڕێوە دەبرێن لە ئازەربایجان بوونیان هەیە، بەڵام ئێران تەنیا یەک خوێندنگەی لە باکۆ هەیە، کە ئەو ئێرانیانەی لەو وڵاتە دەژین لێی دەخوێنن. زۆرینەی هاوڵاتیانی ئازەربایجان کەناڵە جیاجیاکانی تورکیا دەبینن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کەمینەیەک لە شارەکانی باشوری ئازەربایجان چەند کاتژمێرێک لە شەو و رۆژێکدا کەناڵی سەحەری ئێرانی دەبینن و بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی باکۆوە رەخنەیان لێدەگیرێت.

لۆبی تورکیا لە ئازەربایجان زۆر بەهێزە، ئەمە لە کاتێکدایە ئێران لەم وڵاتـەدا هیچ لۆبییەکی نییە. هاوڵاتیانی تورکیا لە ئازەربایجان کێشەی کەمیان هەیە، بە پێچەوانەوە هاوڵاتیانی ئێران گرفتی زۆریان رووبەڕوو دەبێتەوە.

لە رستەیەکدا ئەگەر بڵێین کاریگەری تورکیا لەسەر ئازەربایجان روو لە زیاد بوونە و کاریگەری ئێرانیش روو لە کەمییە، ئەوا هەڵەمان نەکردووە.

**• بوارەکانی مامەڵە و جیاوازی ئێران و تورکیا لە ناوچەی قەفقاز لە کام بوارانەدایە؟**

- بە هۆی تێڕوانین و بەرژەوەندی و رەفتار و بڕیارەکانی بیست ساڵی رابورددووی ئەم دوو وڵاتە بەرامبەر باشوری قەفقاز،

**رێژەی هەناردەی تورکیا بۆ جۆرجیا دەگاتە یەک ملیار دۆلار، هەناردەی ئێران بۆ ئەو وڵاتە دەگاتە 50 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا. هەمان ئەم بابەتەش لەبارەی ئازەربایجانەوە جێی نائومێدییە. لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان زیاتر لە دوو ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا،**

پێشبینی ناکرێت لە کرداردا مامەڵەیەک لە نێوان ئێران و تورکیا دروست بێت.

تورکیا لەگەڵ ئەرمەنستان پەیوەندییەکانی پچڕاندووە و سنورەکانی بە درێژایی 600 کیلۆمەتر لەگەڵ ئەو وڵاتە داخستووە، بەڵام ئێران لەگەڵ ئەرمەنستان پەیوەندی بەرفراوانتری هەیە و سنورە 40 کیلۆمەترییەکەی کراوەتەوە. بەلایەنی کەمەوە تورکیا لەگەڵ ئازەربایجان هاوبەشێکی ستراتیژییە، بەڵام ئێران لەگەڵ ئازەربایجان پەیوەندییەکانی خراپن و متمانەیان بە یەکتر نییە.

لەوانەیە ئەم دوو وڵاتە لە جۆرجیا بتوانن لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن، کە ئەویش بە هۆی هاوسێیەتی و یەکگرتوویی جۆرجیا و تورکیا و بەشداری ستراتیژی جۆرجیا لە بوارەکانی وزە و گواستنەوەوە، هەلێکی گونجاو نارەخسێنێت.

لە کاتێکدا ئێران لەگەڵ ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لە بوارە جیاجیاکاندا کێشەی هەیە، تورکیا ئەندام و پێگەی ناتۆیە، هەروەها جۆرجیا بە نیازی بوونە ئەندام لە ناتۆیە. ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە چوارچێوەی پەیمانی بەشداری بۆ ئاشتی و لەسەر

بنەمای کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە هاوکاری ناتۆ دەکەن.

تورکیا و جۆرجیا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان ئەندامی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا، ئەنجومەنی ئەوروپا، ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەوروپا و ڕێکخراوی هاریکاری وڵاتانی کەناری دەریای ڕەش‌ن، بەڵام ئێران لە هیچ یەکێک لەو ڕێکخراوانەدا ئەندام نییە. خاڵی جێ سەرنج ئەوەیە، ئەرمەنستان دوای چارەسەری کێشەی قەرەباخ، زیاتر لە جاران لە ئەوروپا نزیک بووەتەوە. بە سەرنجدانە مەسیحی بوونی هاوڵاتیانی جۆرجیا و ئەرمەنستان، ڕۆژئاوا لە هەوڵی بەهێزکردنی مەسیحیەت لە قەفقازدایە.

بە بەردەوام بوونی ڕەوەندی ئێستا لە ناوچەکەدا پرۆسەی پەیوەندی ستراتیژی تورکیا لەگەڵ قەفقاز بەهێزتر دەبێت و ئێران وەکچۆن هەلی گۆڕانی بۆ ڕێڕەوی گواستنەوەی وزە و هاتوچۆی بە ڕێژەیەکی زۆر لە دەستداوە، سەرجەم هەلەکانیتر لەدەست دەدات.

**• ئامادە بوون و کاریگەری ئابوری هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە سێ کۆمارەکەی قەفقاز چۆن بەراورد دەکەیت؟**

- وەک لە پێشتردا ئاماژەم پێکرد، ئەم ئامادەبوون و کاریگەرییە بەراورد ناکرێت. تورکیا لە ئازەربایجان و جۆرجیا زۆر لە پێش ئێرانەوەیە. لە ئەرمەنستان بە هۆی ئەوەی ئێران پەیوەندی سیاسی هەیە و ئەرمەنستان لە نەبوونی پەیوەندیدا لەگەڵ تورکیا، وەک ڕێڕەوێک پێویستی بە ئێرانە، ئەوا کاریگەری ئێران زیاترە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و ئەرمەنستان، تورکیا و ئەرمەنستان بە نزیکەیی یەکسانە، لەوانەیە کەمێک ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و ئەرمەنستان زیاتر بێت.

ئەرمەنستان بە هۆی پێویستییەوە بە وزەی ئێران و پشتیوانی نەکردنی ئازەربایجان لەلایەن ئێرانەوە، هەوڵیداوە زیاتر لەگەڵ ئێران مامەڵە بکات، بەڵام ئەم پەیوەندییانە زیاتر لە بەرژەوەندی ئەرمەنستان بووە و ئێران ڕای گشتی ئازەربایجانی لەدەستداوە. گاز و کارەبای ئێران بۆ ئەرمەنستان هەناردە دەکرێت، ئەم هاوکارییانە لە کاتێکدان، کە لۆبی ئەرمەنستان لە ئەمەریکا و فەڕەنسا تا ئێستا هەنگاوێکیان بۆ پشتیوانی لە ئێران نەناوە.

**• بە سەرنجدان لە ژمارەیەک پەیوەندی هاوبەشی کەلتوری و مەزهەبی وڵاتانی قەفقاز لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، تێڕوانینی کەلتوری ئەو دوو وڵاتە لە قەفقاز چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە بواری کولتوری و مەزهەبیدا، تورکیا زۆر لە پێش ئێرانەوەیە. کارەکانی ئێران ڕوکار و نەشارەزایانەن. بە پێچەوانەی ئێرانەوە، تورکیا لەسەر بنەمای بەرنامەی کورت و مامناوەند و درێژ مەودا، کاری قوڵتر و کاریگەرتری ئەنجامداوە و لە ئێستاشدا ئەنجامی دەدات.

**• دوای شەڕی ڕوسیا و جۆرجیا لە ساڵی 2008دا ئێران و تورکیا چی پێگەیەکی سیاسی و جیۆپۆلەتیکییان لە ناوچەی قەفقاز هەبووە؟**

- ڕوسیا دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت، بە شێوازی جیاجیا بە مەبەستی بەردەوامی دەسەڵاتی بەسەر باشوری قەفقازدا، هەوڵیداوە و هەوڵدەدات، کە ڕۆڵی بەرچاو لەم ناوچەیەدا بگێڕێت. ڕوسەکان لە باشوری قەفقاز لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی هاوکاری ئێران دەکەن، بەڵام هیچ جۆرە هاوکارییەکی ئێرانیان نەکردووە.

باشوری قەفقاز بۆ ڕوسیا بە هۆی کاریگەرییەوە لەسەر باکوری قەفقاز و ئەگەری هاوکاری کردنی نیارە قەفقازییەکانی باکور لەلایەن ئازەربایجان و جۆرجیاوە، پێگەیەکی ستراتیژی هەیە. ڕوسەکان بە هۆی باوەڕیان بە تیۆری (دۆمینۆ) لە باکوری قەفقاز، بەرامبەر هەرجۆرێک کاریگەری باشوری قەفقاز و هاوکاری کردنی باکوری قەفقاز لەلایەن باشورەوە نیگەرانن.

بواری کاریگەری ڕاستەقینەی ڕوسیا لە باشوری قەفقاز، ئەرمەنستانە، کە دەتوانرێت بوترێت ڕوسەکان لەسەرجەم بوارەکانی ئەم وڵاتەدا بوونیان هەیە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سنوری هاوبەش لە نێوان ڕوسیا و ئەرمەنستاندا، ئەوا مۆسکۆ تەنیا لە ڕێگەی جۆرجیاوە دەتوانێت کاریگەری لە سەر ئەرمەنستان دروست بکات. گواستنەوەی گازی سروشتی ڕوسیا بۆ ئەرمەنستان لە ڕێگەی جۆرجیاوەیە و (تەفلیس) بەردەوام دژی ڕوسیا سود لەم ئامرازە وەردەگرێت. ڕوسیا بە فشار خستنە

سەر ئازەربایجان هەوڵی بەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاتر لەو وڵاتە دەدات.

دوای شەڕی روسیا و جۆرجیا ساڵی 2008 پێگەی تورکیا لە جۆرجیا بەهێزتر بووە. بە دڵنیاییەوە دوای رێککەوتنەکانی نێوان ئێران و جۆرجیا و لابردنی رێکاری یاسایی هاتوچۆی هاوڵاتیان لە نێوان ئەو دوو وڵاتــەدا، بوونی ئێرانییەکان لە جۆرجیا زیادی کردووە و ئێران لە بوارەکانی بازرگانی و گەشتیاریدا هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ جۆرجیا زیاتر کردووە، بەڵام تورکیا لە زۆر بواردا لە جۆرجیا پێشڕەوترە.

**• تا چی رێژەیەک چاوەڕوانی کێبڕکێی نێوان ئێران و تورکیا لە ناوچەی قەفقاز دەکرێت؟**

- پێگەی باشوری قەفقاز و گرنگی بۆ ئێران و تورکیا نیشانەی پێویستی کێبڕکێی نێوان ئەو دوو وڵاتە لەم ناوچەیەدایە. بەڵام ئێران لەم کایەیەدا بە کردار بەرامبەر تورکیا دۆڕاندوویەتی. ئێران تەنیا لە ئەرمەنستان ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە و ئەویش کاتییە، چونکە لەلایەکەوە دوای چارەسەری کێشەی قەرەباخ و دەستپێکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، لەلایەکیترەوە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان، ئەوا بە دڵنیاییەوە تورکیا لە ئەرمەنستان پێشڕەو دەبێت.

ئێران لە ئەرمەنستان بەرنامە و ستراتیژی درێژ مەودای نەگرتۆتە بەر، ئەگەر لە ئەمڕۆدا ئێران پێویستی بە وزەی ئێران هەبێت و بۆری گاز لە ئێرانەوە چووبێت بۆ ئەرمەنستان، سبەی بە چارەسەری کێشەی قەرەباخ و قەیرانی روسیا - جۆرجیا، ئەرمەنستان یاری بە ئێران دەکات. چونکە دەتوانێت گاز لە ئازەربایجان و روسیاوە هاوردە بکات. ئەرمەنستان لە ژێر فشاری روسیادا ئامادە نەبوو ببێتە رێڕەوی ترانزێتی گازی ئێران بۆ وڵاتی سێیەم، ئەمەش لە کاتێکدایە دەبوو تاران گواستنەوەی گازی بۆ ئەرمەنستان مەرجدار بکردایە بەوەی، کە گازی ئێران بە ئەرمەنستاندا تێپەڕیایە بۆ وڵاتانیتر.

هەرچۆنێک بێت بە پێی سیاسەتی دەرەوەی ئێستای ئێران، پێویستە چاوەڕوانی لەدەستدانی هەلی زیاتر لە ناوچەکدا بین. بە چارەسەری کێشەی قەرەباخ و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان، تورکیا لە باشوری قەفقاز چالاكتر دەبێت و زەمینە و رێژەی بەشداری لەگەڵ روسیا لە جاران زیاتر دەبێت. لەم دۆخەدا بەشداری ئێران و روسیا لە باشوری قەفقاز بۆ خوار ئاستی سفر دادەبەزێت.

نەبوونی هاوکاری روسیا لەگەڵ ئێران لە باشوری قەفقاز لە کاتێکدایە کە ئێران بەرامبەر تاوانەکانی مۆسکۆ دژی موسوڵمانانی قەفقاز و پێشێلی سەربەخۆیی جۆرجیا، بێدەنگی هەڵبژاردووە.

**• بە سەرنجدان لە بابەتاکانی وەک پەیوەندی نێوان تورکیا و رۆژئاوا، ناتۆ و ئەوروپا، پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ روسیا و گرفتەکانی لەگەڵ رۆژئاوا و ئەوروپا، داهاتووی کاریگەری تورکیا و ئێران لە ناوچەی قەفقاز چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- دۆخی باشوری قەفقاز دەربڕی ئەوەیە، کە بە تێڕوانین لە یەکگرتویی زیاتری نێوان رۆژئاوا و دوو وڵاتی باشوری قەفقاز (ئازەربایجان و جۆرجیا) و تورکیا، هەروەها پەیوەندییەکانی ئێران و وروسیا، لە کۆتاییدا دۆڕاو ئێران دەبێت و تا ئێستاش هەروا بووە. روسیا وەک کارتێک سود لە ئێران وەردەگرێت و ئیمتیازەکانی خۆی لە بوارە جیاجیاکاندا لە وڵاتانی قەفقاز و رۆژئاوا وەردەگرێت.

تورکیا بەرنامەکانی تایبەت بە قەفقاز بە تایبەتی ئازەربایجانی، بە گرنگییەوە لە سیاسەتی دەرەوەیدا جێگیرکردووە و ئەوەندەی بتوانێت لە کاری نەرێنی خۆی دەپارێزێت. یەکەم کاری تورکیا لە ناوچەکەدا ئابوری - کەلتورییە و لەم رێگەیەوە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی خۆی دەپارێزێت.

یەکەم کاری ئێران لە ئازەربایجان کەلتوری – ئاسایشییە و لەم رێگەیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی دەدات و لە هەمانکاتیشدا لە رووی کەلتورییەوە نەیتوانیوە دەستکەوتی بەرچاو بەدەست بێنێت و ئەو دوو لاتە رووبەڕووی کێشەی ئاسایشی بوونەوە.

بە روانین لە وتە و هەڵوێستی ژمارەیەک لە بەرپرس و رابەری پارت و سیاسەتمەدارانی ئێران و ئازەربایجان بەرامبەر یەکتر لە سێ ساڵی رابوردوودا، بە روونی ئەمە دەردەکەوێت. لەم دۆخەدا بەڵگەنەویستە، کە متمانە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا نییە و رکابەرەکان تۆپەکە لە ئێران دەرفێنن.